# نووسین بە نرخی رۆژ ! لە پەراوێزی راپۆرتەکەی عباس شواندا

رەزا کەمانگەر
reza. kamangar@welho. com

عەباس شوان راپۆرتێکی لە پەیوەند بە خۆپیشاندانی خەلکی ئیرانی دانیشتوانی فنلند گە لە رۆژی ٧/٩ ریکخرابوو بلاوکردۆتەوە. خۆپیشاندانەکە بە بۆنەی یادی چوارهەمین سالرۆژی خۆپشاندانی خوێندکارانی ئیرانەوە ریکخرابوو، لەدژی جمهوری ئیسلامی ئیران، کە زۆربەی وولاتانی ئەورووپای گرتەوە. لەم خۆپیشاندانەدا کە لەشاری هلسنگی پایتەختی وولاتی فنلندا بەریۆەچوو، حیزبی کۆمۆنیستی کریگاری ئیران وەك تەرەفێکی ئەصلی وکاریگەر لە ساحەی سیاسی ئێراندا، هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خەبات و نارەزایەتی ژنانو لاوانو کرێکارانو خەلکی ئیراندا بوە، دیفاعی پەیگیرانەو جەسورانەی لە هەموو خواستو ویستە ئینسانیەکانی ئەوان کردوە، لەم بۆنەیەشدا کۆمیتەی فنلندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران، وەك لایەنیکی ئەصلی ئۆپۆزسیونی ئیرانی، هەستا بە ریکخستنی ئەم خوپیشاندانە، چەند رۆژیگ پیش خۆپیشاندانەکە ژمارەیەك لە لایەنگرانی "دیمکراتی" ئیران، داوایان لە کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کرد کە دەتوان بەشداری بکەن لەگەلیاندا یان نا. وەلامی کۆمیتەی فنلندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەم داوایەی ئەوان ئیجابی بوو، هەر بۆیە لەسەرەتای خۆپیشاندانەکەوە کە لەسەنتەری شاری هلسنکیەوە دەستی پێکرد، تاکو دوای تەواوبونی خۆپیشاندانەکەش لە بەردەم سەفارەتی جمهوری ئیسلامیدا، هەمیشە شعارو هوتافەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری سایەی بەسەر تەواوی خۆپیشاندانەکەدا کردو تەنانەت هەموو ئەوانەی کە بەشداریان کرد لە خۆپیشاندانەکەدا " بەلێ" یان دا بە بریارنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کە لەکۆتایی خۆپیشاندانەکەداو لەبەدەم سەفارەتی ئیراندا کە لەلایەن ئیسماعیل وەیسی لیپرساوی کۆمیتەی فنلند خویندرایەوە، کە عەباس شوان لەمبارەوە نەك ئاماژەی پینەداوە بەلکو فزەی لیوە نایەت. بەلام ئەمە لایەنیکی مەسەلە و راپۆرتەکەی عەباسە، موشکلەی عەباس ئەوەیە کە بێ ئیشەو ئیشی دەست ناکەویت و دەیەویت بەهۆی ئەم راپۆتانەوە یەکیك لە هیزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بیکاتە هەوالنیری رۆژنامەکانی خۆی بەلام تا ئیستا بۆی نەکراوە، لە کوردستانی عێراق، ئەم کارەیدا لەدژی کۆمۆنیستەکانی عێراق فەشلی هێنا، نە یەکێتی و نە پارتی لە دیوی عێراقدا بەجدی وەریان نەگرت، فکر ناکەم دیمکراتی ئێران و مل لەقکردنی بۆ باندی مهتدیش دەردی ئەو دەرمان بکات.

لایەنی گرینگی راپۆرتەکەی عەباس ئەوەیە کە نازانیێت چی نوسیوە، ئەو لەخۆیەوەو بێ مناسەبە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمەلەی بالی سەید ئیبراهیمی تیکەل کردوە لەگەلٚ خوپیشاندانەکەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەبێ ئەوەی ئەوان مەوجودبوبن، لەوەش سەیرتر، عەباس شوان سەلتەنەت تەلەبەکانی تێکەل کردوە لەگەل گروپ و دەستەوتاقمی پەرتو بلاوی لایەنگرانی "دیمکراتی"یەوە، بەقەولی راپۆرتەکەی خۆی "لایەنگرانی دیمکراتی" تێکەل کردوە لەگەل سەلتەنەت تەلەبەکان، ئەو ئاگای لە مێژووی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی ئیران وهێزەکانیشی نیەو دەیەوێت وەکو نوسەر و رۆژنامەنوسیش قسەبکات، بەلام مەسەلەی ئەو دژایەتی کردنە لەگەل حەقیەقەتیکدا کە هەموو بەشداربوانی خۆپیشاندانەکە بەهەردوو بەرەی خۆپیشاندانەکەوە " بەرەی لای راستی سەفارەتو لای چەپی سەفارەت" ئاگادارین، ئەو بەهەلگیرانەوەی راستیەکان دەیەویت، تەعنە لەکۆمۆنیزمێك بدات کە لەنێو ئێراندا روژانە لەنیو لاوانو کریکارانو ژناندا بالاْ دەگرێت، ئەو ئاگای لە سوتاندنی حیجابو دروشمەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نیە کە چۆن لەنێو خۆپیشاندانەکانی ئیراندا بەرزدەبنەوە، بەلام عەقلی کوردایەتی، ئەوە نازانێت، هەر ئاسنی سارد دەکوتێت.

بەلام بەجیا لەوانە عەباس شوان پێش خۆپیشانداکە خۆی تەلەفونی کرد بۆمنو قسەی لەگەل کراوە لەسەر چۆنیەتی ریکخستنی خۆپیشاندانەکە، بە شێوەیەکی موناسب بۆی رۆشنکراوەتەوە کە ئەم خۆپیشاندانە چۆنەو وە چۆن ریککخراوە، پاشان لەوەش بترازێت هەر لەلایەن نوسەری ئەم وەلامەوە، نامەیەك ئاراستەی وەزیری دەرەوەی وولاتی فنلندا کراوە کە تیایدا داوای لیکراوە کە سەفارەتی جمهوری ئیسلامی ئیران لە فنلندادا دابخەن، چونەکە ئەم حکومەتە هیچ شەرعیەتیکی نیە لە لایەن خەلکی ئیرانەوەن بەجیا لەوەی کە تیایدا ئاماژەی بەتاوانەکانی ئەم حکومەتە هارو کۆنەپەرستە کراوە، وە نوسخەیەك لەم نامەیە دراوەتە دەست عەباش شوان، دیسان لەم بارەشەوە عەباس شوان فزەی لیوە نایەت. عەباس دەزانێت خۆی چی دەکات وە بۆچی وادەگات بەلام دەبێت ئەوەش بزانیت، کە ئەوانی دیش دەزانن چکارەیەو هەلگیرانەوەی راستیەکانی لیٚقبول ناکەن، کار پەیداکردنیش بە درۆ کردن ئەگەر بەدەستیش بێت، بەقەولی فنلندیەکان تیۆلیستە دەبێت، واتە کارێکی کاتی دەبێت.

٧/١٦

**تێبینی کوردستان نێت:**

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.